یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕێشنوسێک بۆ پێکهێنانی کابینەی دەیەمی حکومەتی هەرێم کەدەبنەوە



بەیارە ئەمڕۆ چوارشەممە 29ـی کانوونی دووەمی 2025، جارێکی دیکە لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ ئامادەکردنی ڕێشنوسێک لەبارەی پێکهێنانی حکومەتی کابینەی دەیەمی هەرێمی کوردستان کەبنەوە.

پشتر میدیای فەرمی یەکێتیی ڕایگەیاندبوو، گفتوگۆی لایەنە تەکنیکییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێمی کوردستان لەنێوان یەکێتیی و پارتی بەردەوامی هەیە و ڕۆژی پێنجشەممە جارێکی دیکە لیژنە هاوبەشەکانی هەردوولا بۆ پێکهێنانی حکومەت کەدەبنەوە.

لیژنە هاوبەشەکە ئەرکیانە ڕێشنوسێک لەبارەی چۆنێتی حکومەتی داهاتووی هەرێم ئامادە بکەن، کە لێئەستادا بەشێکی زۆری کارەکانیان تەواو بوو و پاشان ڕێشنوسی کۆتایی گفتوگۆکانی لیژنەکە دەخرێتە بەردەم هەردوو وەفدی باڵای یەکێتیی و پارتی بۆ بڕیاردان لەسەری.

پێشتریش وتەبێژی یەکێتیی لەکۆنگرێیەکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاندبوو، لەئێستادا لەنێوان یەکێتیی و پارتیدا باس لەهیچ پێستێک نەکراوە، ئەوەی دەوترێت و باس لەدابەشکردنی پێستەکان دەکرێت پووچەندەیە، ئەگەر لەسەر بەرنامەی حکومەت ڕێکنەکەوین یەکێتیی پێستی بچییە.